ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان
دەورەی تازە
# ئۆکتۆبەر
58
25 ی نیسان/ ئەپریلی 2023

## تەنها چینی کرێکار دەتوانێ کۆمەڵگا لە ستەم و ناعەدالەتی سەرمایەداری رزگاربکات!



## بنبەستی "دەوڵەتی کوردی"!

**عوسمانی حاجی مارف**


بۆ لاپەرە ٣



## تەنها کرێکاران دەتوانن ژیانێکی باشتر بۆ مرۆڤایەتی بەدەست بێنن !

**مستەفا باهیر**

بۆ لاپەرە ٥



## ئایار، بانگەوازێک بۆ ڕزگارییەکی سۆسیالیستی!

**ئیبراهیم حسین**

بۆ لاپەرە ٦

## کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێویستی بە ڕابوونی چینی کرێکارە!

بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەبۆنەی یەکی ئایار، ڕۆژی جیهانی کرێکارانەوە

بۆ لاپەرە ٨

## سەرەتای مانگرتنە سەراسەری و ڕێکخراوەکانی چینی کرێکار لە ئێران!

بەیاننامەی حزبی حیکمەتیست(خەتی ڕەسمی)

بۆ دوالاپەرە

## ئازادی، یەکسانی، حکومەتی کرێکاری!



## کێشەی خەڵک تەنها مووچە نییە!

**موحسین کەریم**

بێدەربەستی دەسەڵاتی بۆرژوازی کورد بەرامبەر بە ژیان و گوزەرانی خەڵک لەلایەک و پروپاگەندەی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی بەوەی کە هەموو کێشە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانی خەڵک بەگشتی و کیشەکانی لەگەڵ دەسەڵاتدا بەتایبەتی لە پرسی مووچەدا قەتیس کردوە، ئەو تەسویرەی داوە کە گوایە خەڵکی کوردستان تەنها کێشەی مووچەیان هەیەو هەر دەسەلات و دەوڵەتێک و بگرە هەر هێزو لایەنێک مووچەی بۆ دابین بکات، ئیتر کێشەی خەڵک کۆتایی پێدێت. بەڵام ئەمە بێجگە لە چەواشەکاری و وەرگێرانی سەرنجی خەڵکی کوردستان لەسەر کێشە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیە چارەنوسسازەکانی زیاتر، شتێکی دیکە نیە.

ئەگەرچی خەڵکی کوردستان تاسەر ئێسقان ناڕازی و تورەن لە دەسەڵاتی کوردایەتی لەسەرئەوەی مووچەی مووچەخۆرانی لەکاتی خۆیدا نادات، یاخود پێشترو بۆماوەی چەند ساڵێک نیومووچەو چارەکە مووچەی بەسەردا سەپاندن و قووتی ئەوانی تالان کردوە، بەڵام خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێش و کەمدەرامەتی کوردستان سەرباری کێشەی مووچە، دەیان کێشەی دیکەیان لەگەڵ ئەم دەسەلاتەدا هەیە. خەڵک لەگەڵ ئەم دەسەڵاتەدا کێشەی لەسەر نەبوونی خزمەتگوزاریە سەرەکی و سەرەتاییەکان هەیە، کێشەی ئەوەیان هەیە کە دەسەڵات موحتاجی ئاوی پاکی خواردنەوەو کارەبای بەردەوام و سوتەمەنی پێویستی کردوون!

بۆ لاپەرە ٢

## درێژەی......کێشەی خەڵک تەنها مووچە نییە!

خزمەتگوزاری پزیشکی و خوێندنی هاوچەرخی کاول و وێران کردوە. بەهۆی نەبوونی جادەو بانی سەلامەتەوە ساڵانە سەدان کەس دەبنە قوربانی. یاخود موحتاجی کارێکی کردوون تا بژێوی مەمرەو مەژی خۆیان و خێزانەکانیانی پێ بەرێبکەن. سەرەڕای ئەوانەش دەیان جۆرو باج و سەرانەیان لەسەر داناون و هەر رۆژەش چارەنوسیان لەسەر مێزی قوماری دەوڵەتێکی کۆنەپەرستدا بەرامبەر بە مشتێک دۆلار و بەرژەوەندی مادی و سیاسیدا دەدۆڕێنن! و دەیان کارەساتی دیکە.... لەکاتێکدا خەڵک هیوای دەخواست کە رزگابوون لە دەسەڵاتی بۆرژوازی "غەیرە!" دابینووبی ژیانێکی ئاسودەو شەرافەتمەند و ئازاد بوایە.

بەڵێ خەڵکی کوردستان تەنها کێشەی مووچەی لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردا نیە تا بە گۆڕینی ئاراستە بەرەو بەغدا و وەرگرتنی بودجەو موچە لە بەغداوە کێشەکانیان کۆتایی پێبێت و ئاو بکرێ بە ئاگردا! تەنانەت بەتەنها هەموو ئەو کێشانەشی نیە کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان. بەڵکو کێشەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتی میلیشیایی بۆرژوازی کوردا کێشەیەکی بونیادیە. دەسەڵاتی کوردایەتی ئەهلیەتی خۆی بۆ فەمانڕەوایی بەسەر خەڵکی کوردستاندا لەدەستداوە. خەڵکی کوردستانی عێراق بە ئەزمونی زیاتر لە سێ دەیەی ژیانکردن لەژێر دەسەڵاتی بۆرژوازی خۆماڵیدا، ئەو بەڵگە واقعی و ئەزمونکراوەیان مۆر کرد کە دەسەڵاتی کوردایەتی وەکو بەدیلی سیاسی بەرامبەر بە ستەمی دەسەڵاتی بۆرژوازی "دەرەکی" شکستی هێناوە. نمونەی حوکمرانی حزبەکانی بۆرژوازی کورد لە کوردستانی عێراق، نمونەیەکی مەوزوعی و پراتیکیە بۆ سەرجەم خەڵکی کوردزمانی ناوچەکە، کە دژی ستەمی نەتەوایەتی خەبات دەکەن تا نمونەیەکی تاقیکراوەیان لەدەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی لەبەرچاو بێت. تا بەکردەوە ئەوەیان بۆ روون بێتەوە کە ناسیۆنالیزم و بزوتنەوەی کوردایەتی و حزبەکانی بەهیچ جۆرێک خەباتکاری لابردنی ستەم و جیاکاری نەتەوەیی نین لەسەر خەڵکی کوردستان، حوکمێک کە دەیان ساڵ لەمەبەوبەر بزوتنەوەی ئێمە، بزوتنەوەی کۆمۆنیزمی کرێکاری رایگەیاند.

بەڵام هەروەکو چۆن بەدیلی حکومەتی ناوەند دەسەڵاتی کوردایەتی نیە، بەهەمانشێوەش بەدیلی ئەم دەسەڵاتە گەڕانەوە بۆ لای بەغدا و حکومەتی ناوەند نیە. بەدەر لەوەی کە خودی حزبە دەسەڵاتدارەکانی بۆرژوازی کورد لەئاکامی شکستی سیاسیاندا ملی رێگای بەغدایان گرتوتەبەر، بەڵام ئەو پروپاگەندەیەی کە دەستەو تاقمە ئۆپۆزیسیۆنەکانی بۆرژوازی و لایەنگرانی گەڕانەوە بۆ بەغدا دەیکەن، بەوەی کە کێشەکانی خەڵک لەچوارچێوەی مووچەو بودجەدا تەنگەبەردەکەنەوە و چارەسەرەکەشی دەبەستنەوە بە گەڕانەوە بۆلای بەغدا، خۆشخزمەتیەکی ئەوانە بە دەسەڵاتی کۆنەپەرست و فاشیست و چەتەگەری بۆرژوازی ناوەند. ئەم کارەشیان لەڕووی ناوەرۆکەوە هیچ جیاوازی نیە لەگەڵ ئەو کارەی کاتی خۆی موستەشار و فەوجەکانی خەفیفەو نۆکەرانی بەعس لە کوردستان بۆ ئەو رژێمە درندەو فاشیستە دەیانکرد! تەنها جیاوازیەک کە هەیەتی ئەوەیە کە موستەشارەکان لای خەڵکی کوردستان ریسواو بێزراو بوون، بەڵام ئەم ئۆپۆزیسیۆنە بۆرژواییەی ئێستا دەیەوێ ئەو کارەی وەکو شانازی سیاسی لەمێژوودا تۆماربکرێ!

خەڵکی کوردستان کێشەیەکی سیاسی مێژوویشی هەیە کە دەبێت وەڵام وەربگرێتەوە. خەڵکی کوردزمان لە عێراق ساڵانێکی زۆر لەژێر ستەم و جیاکاری و چەوساندنەوەی نەتەوەییدا ژیاوەو روبەرووی چەندین کارەساتی مرۆیی و قڕکردن و ئەنفال بوەتەوە. ئێستاش هەستی جیاکاری و ترس لە گەڕانەوەی ئەو دۆخە لەناو بیرو هۆشی خەڵکدا قورسایی خۆی هێشتۆتەوە، چونکە ئەو پرسە کۆتایی نەهاتوەو دەسەڵات و دەوڵەت لەعێراقدا دەسەڵاتێکی غەیرە نەتەوەیی و سیکولارنیە تا هاوڵاتی کوردزمان هەمان مافی هاوڵاتی یەکسانی هەبێت. بۆیە گەڕانەوە بۆلای بەغدا و بۆژێرسایەی دەسەڵاتێکی بۆرژوازی- عروبی- ئیسلامی کۆنەپەرست و میلیشیایی ئاگری ئەو گرفتە مێژوویە خۆش دەکاتەوە. دیسانەوە خەڵکی کوردستان راپێچی ئایندەیەکی تاریک و جیاکاری و ستەمی نەتەوەیی دەکاتەوە! ئەوە لەکاتێکدا ئەو کێشەیەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردیدا هەیەتی، هەمان ئەو کێشەیە خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی عەرەبیش لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی لە بەغدا هەیەتی و لەو رووەشەوە سیاسەتی گەڕانەوە بۆلای بەغدا تەنها راپێچکردنەوەی خەڵکی کوردستانە بۆژێر دەسەڵاتی کۆمەڵێک مافیاو میلیشیای دیکەی غەیرە خۆیی!

کەواتە چارەسەری کێشەی خەڵکی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتی بۆرژوازی کوردا گەڕانەوە نیە بۆژێر باڵی بۆرژوازی عەرەبی، بەڵکو هێنانەمەیدانی هێزی سیاسی- رێکخراوو هوشیارانەی خۆیانە بۆ یەکلاکردنەوەی پرسی دەسەڵات و حاکمیەت لەگەڵ دەسەڵاتدارانی کوردایەتی و دەستوپێوەندەکانیان و پرسی پەیوەندی سیاسی و یاسایی لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا!

★

# بنبەستی "دەوڵەتی کوردی"!

**عوسمانی حاجی مارف**

جێگاورێگای بزوتنەوەی کوردایەتی لەو شوێنەوە نیشانەکانی بنبەستی خۆی راگەیاند، کە بۆ خۆیان دوای نیو سەدە زیاتر باوەڕیان بەوە هێناوەو دانیان بەوەدا نا کە "دەوڵەتی کوردی""خەونێکی شاعیرانە"یە. بەدوای چەندین ساڵ لە رازاندنەوەو هەڵڕشتنی دروشمی باقوبریق و سرودی نەتەوەیی لە خستنەڕوی پێکهێنانی "دەوڵەتی کوردی" و بەکوشتدانی هەزاران ئینسان لەو پێناوەدا و خولقاندنی مەترسی و ناسەقامگیری لەسەر ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی کوردستان، بە میلیتاریزەکردنی گوندەکان و شارەکان، لە نیو سەدە زیاتر خەڵکی کوردستانیان لە تامی ئاسودەیی و ئارامی و ئاسایش بێبەشکرد، کۆتاییەکەشی داخستنی پەردەی ئەو شانۆگەریە بوو کە حزبەکانی کوردایەتی بە ویست و ئیرادەی خۆیان تەواو خۆیان رادەستی قەدەری ژێردەستی حکومەتی عێراق کرد.

ئەوەی پێویستە هەر لەسەرەتاوە ئاماژەی پێبدەین، واقعیەتی کوردستان و گوزەرانی دانیشتوانی کوردستان، لە مێژووی سەرەتای دامەزراندنی پێکهێنانی دەوڵەتەکان لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا، لەسایەی بەرژەوەندیەکانی وڵاتانی زلهێزی دنیادا بۆ رێکخستنەوەو جێگیرکردنی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری، کەوتە بەر مەترسی هێژمۆنی دەسەلاتی بزوتنەوە ناسیونالست و کۆنەپەرستەکانی نەتەوەی سەردەست، کە خەڵکی کوردزمانی کوردستان لە تەواوی مافەکانیان بێبەشکران، بۆیە زوڵمی نەتەوەیی و وەستانەوە بەرامبەر بەو زوڵمە، بووە دیفاکتۆی ژیانی کارەساتباری دانیشتوانی خەڵکی کوردزمان.

بەلام لەم نێوەدا ئەوەی جێگای سەرنجە بۆرجوازی کورد، بەشێوەی بەرجەستەکردنی خۆیان وەک بزوتنەوەی کوردایەتی، هەر بە زویی خۆیان کردە پێشڕەوو خاوەنی مەسەلەی کورد، ئەوەش کە زیاتر لە مەیدانی ململانێی سیاسی و ژیانی عەمەلیاندا نیشانیاندایین، هەمیشە پاشەکشەو شکست و ملکەچی بووە. لەم بارەیەوە ئەتوانین دولایەن لە جولەی سیاسی حزبەکانی ئەو بزوتنەوەیەدا دەست نیشان بکەین، لەلایەک بەهەر خۆ نیشاندانێک، لە شێوازی ئۆپۆزیسیۆنی لەبەرامبەر دەسەلاتی بۆرجوازی نەتەوەی سەردەستدا، هەمیشە لە هەوڵی جۆرێک خۆرێکخستن و خۆگونجاندن بون، تا بەشداری لەدەسەلاتی سیاسی هەمان پێکهاتەی ئەو دەوڵەتانەدا بکەن، کە سیستمی پێکهاتەی دەسەلاتداریەکەیان، بە زوڵمکردن و ستەمی تێکرای کرێکاران و زەحمەتکێشانی وولاتەکەیان کۆمەڵگەیان بەرێوەبردووە. لەلایەکی ترەوە بۆ هەڵخراندن و تیژکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی، بەکارهێنانی مەسەلەی کورد و زەقکردنەوەی کوردایەتی لە راگەیاندنی چوارچێوەی دەوڵەتی کوردیدا، رۆڵێکی سەرەکیان بووە لەو جۆرە بانگەوازەی کە تیایدا سەرکەوتوو بن لە چەواشەکاری و فریودان و ماڵوێرانی خەڵکدا.

ئەو فرسەتەی لە ساڵی ١٩٩١ لە جەنگی کەنداودا بۆ بزوتنەوەی کوردایەتی پێشهات، گەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی بوو، بۆ دەوریان لە پێکهێنانی دەسەلاتی سیاسی لە کوردستانی عێراقدا. بەلام ئاکامی ئەم فرسەتە یەکێتی و پارتی وەک دوو هێزی میلیشیا و بنەماڵە، لە خزمەت بەرزکردنەوەی ئاستی هاوسەنگی هێزەکەیان و هێژمۆنیکردن و دابەشکردنی کوردستانی لێکەوتەوە، بە ناوچەی زەردو ناوچەی سەوز. سی ساڵ زیاترە کوردستانی عێراق بۆتە سەرچاوەیەکی بەدەستهێنانی کەڵەکەی سەرمایەیەکی بێشومار بۆ ئەم دوو هێزە، کە بە ویست و ئارەزوی خۆیان تالانچیتی و بازرگانی و قاچاخچێتی بە نەوت و تەواوی سەروەت سامانەکەیەوە دەکەن، لە پرۆسەی حوکمرانی ئەم سی ساڵەدا، پرۆژەی فریوکارانەی "دەوڵەتی کوردی"یان بە ئاشکراو بێشەرمانە فرۆشت بە نەوت و قاچاخچێتی و کەڵەکەی چەندین ملیار دۆلار.

بە مانایەک لە هەگبەی تەواوی چالاکی حزبەکانی بزوتنەوەی کوردایەتیدا، لە دنیای واقعی نەخشەی سیاسیاندا، شتێک نەبوە ناوی "دەوڵەتی کورد"ی بێت یان بە شێوازێکی عەمەلی تر، نەخشەیەک نەبوە ناوی مافی چارەنوسی خەڵکی کوردستان بێت! یان ئایندەیەکی رۆشن بێت بۆ ژیانی خەڵکی کوردستان، بەڵکو مافی بەدەستهێنانی دەسەلاتی میلیشایی و مافی داگیرکاری و تالانچیتی و زەوتکردنی سەروەت و سامانی کوردستان بووە، مافی رادەستکردنی کوردستان بوە بەقەدەری گێژاو و ناجێگیری سیاسی.

"دەوڵەتی کوردی" جگە لە هەڵخراندنی هەستی نەتەوایەتی و بەکۆنەپەرستکردنی بزوتنەوەی دژی زوڵمی نەتەوایەتی، هیچ کات نەک ئاسۆیەکی گەشی نیشان نەداوین، بەڵکو هەمیشە ئەو ئاراستەیە بووە کە بەهەزاران خەڵکی

کردۆتە قەڵغان و قوربانیدانی ژێردەستەی وەهمی ئایدۆلۆژیای نەتەوەپەرستیەوە. مێژووی هەڵسورانی سیاسی پارتی و یەکێتی و بنەماڵەی بارزانی و تاڵەبانی لەهەمانکاتدا لە ئەزمونی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسیاندا، گەورەترین خزمەتیان کرد بە ڕەوینەوەی ئاستێکی باڵا لە وەهمی "دەوڵەتی کوردی" و بە بنبەست گەیاندنی ئەو وەهمە لە بیرکردنەوەی خەڵکی کوردستاندا. لەهەمانکاتدا باسی یەکڕیزی کوردیش بۆسیاسەتی گەرانەوەو پشتبەستنیان بە بەغدا، لە ئێستادا گاڵتەجاریەکی ترەو هەوڵی شەرمنۆکانەی دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتیە لە ئاکامی بنبەستیان لەسەر بانگەوازی "دەوڵەتی کوردی" و سەربەخۆی کوردستان.

لە ماوەی سی ساڵی دەسەڵاتی سیاسیاندا دەردێکی وەها ژەهراوی و کوشندەیان بڵاوکردەوە کە هەمو ئەو خورافات و وەهمانەی چاندبویان هەر خۆیان لە ڕەگەوە دەریان کێشاو گەیاندیانە ئەو ئاستەی کەسانێکی زۆر شەرمەزاری لە کوردبونی خۆیان دەکەن! نەک ئومێد بون بە "دەوڵەتی کوردی" کاڵ بوەتەوە، بەڵکو ڕوخانی دەسەڵاتی کوردی، ڕوخانی دەسەڵاتی هەردوو بنەماڵە، جێگای خۆی وەها کردۆتەوە کە لە هەر کۆڕوکۆمەڵێکدا، بە شێوازی جۆراوجۆر خۆزگەو ئاواتی خەڵکەو پێشوازی لێدەکرێت. بەهەندوەرگرتنی ئەم واقعە مەسەلەیەکی زارەکی و سادە نیە، چونکە بەدوای چەندین کارەسات و ماڵوێرانی و ئاوارەیی و هەژارکردنی سەدان هەزار لە خەڵکی کوردستان، بەو ئاکامە گەیشتووە کە ئەو خورافات و وەهمانە نەک نابێت ژیانی ئەو خەڵکە بێت، بەڵکو مایەی شەرمەزاریشە، بۆیە پێویست دەکات بەجیا لە ڕەوینەوەی هەر وەهمێک، ڕێگای واقعی بۆ ڕزگاری خەڵک لە تەواوی ئەو زوڵم و ستەمانەی بەسەریدا سەپێنراوە بگیرێتە بەر.

پێویستە ئەو ڕێگایە بگیرێتەبەر کە ژیان و گوزەرانی ئینسانەکان بە بەردەوامی بەرەو دنیایەکی باشترو باشتر دەبات کە بە هیچ شێوەو شێوازێک زوڵمی ئینسان لەسەر ئینسان ناهێڵێت، ئەو ڕێگایەی دەستوپای هەمو ئەوانە دەبەستێت کە بە ناوی هەر خورافات و وەهمێکەوە دنیایەکی خەیاڵاوی بۆ خەڵک دادەڕێژن، ئەویش لە سەرەتادا کۆتایی هێنانە بە دەسەڵاتی سیاسی ئێستای کوردستان و عێراق، بە ئیرادەی سەربەخۆو یەکگرتووی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و دابینکردنی دەوری ڕاستەوخۆی خەڵک لەدەسەڵاتی سیاسیدا، ئەمەش سەرەتای ئەو هەنگاوەیە کە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە بخاتە سەر ئەو سکەیەی پارێزراوبێت لە کارکردی هەر خورافات و وەهمێک کە ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی دەسەپێنێت.

☆

**حکومەت و دەسەڵاتی بزوتنەوەی کوردایەتی شکستی خۆی ڕاگەیاندووە مانەوەی تەنها کارەساتەکانی ژیانی خەڵک زیاتر دەکات! کاتی ئەوە هاتوە خەڵک خۆتان بڕیاری کۆتایی بدەن و شێوازی ژیان و ئایندەی خۆتان دەستنیشان بکەن. سیاسەتبازەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی دۆستی درۆینەی ئێوەن و کاریان پاراستنی دۆخی ئێستایە لەزەبری تورەیی و شۆڕشی ئێوە بەناوی دژایەتیکردنی ئەو دەسەڵاتەو حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە!**


**ئۆکتۆبەر**

**ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

سەرنوسەر : موحسن کەریم

فاکس: 07700475533

مۆبایل: 0044(0)7394013135

oct.1917@yahoo.com

ئۆکتۆبەر لە فەیسبووک:

October بڵاوکراوەی ئۆکتۆبەر

**ئۆکتۆبەر بخوێننەوە و بەدەستی دۆستان و ئاشنایانی خۆتانی بگەیەنن!**



سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی : **عوسمانی حاجی مارف**

مۆبایل: 00964(0)7701570050

Email: Osman_maruf@yahoo.com

سەرۆکی مەکتەبی سیاسی: **خەسرەو سایە**

00964(0)7701521043

Email: saya.xasraw@yahoo.co.uk

ڕێکخراوی دەرەوە: **دەشتی جەمال**

Mob: 0044(0)7856032991

Email: dashtyjamal@gmail.com

# تەنها کرێکاران دەتوانن ژیانێکی باشتر بۆ مرۆڤایەتی بەدەست بێنن !

مستەفا باهیر

هەموو ساڵێک لە یەکی ئایاردا بە سەدان ملیۆن کرێکار، جەژنی هاوپشتی چینیایەتی خۆیان دەگێڕن و لەم ڕۆژەدا شەقامی شارەکان ناسنامەی ئینسانی دەگرنەخۆ. لەو ڕۆژەدا کرێکاران دەبن بە یەک ڕەنگ و بە یەک دەنگ پێکەوە، یەک سرود دەخوێنن. پڕوپوچی وەک نەتەوەچێتی و ڕاسیزم و هەڵاواردنی دینی و ڕەگەزیی و ڕەنگی پێست، لە بەردەم یەکگرتوویی ڕیزەکانی چینی کرێکاردا، لەسەرتاسەری جیهاندا چۆک دادەدەن و تەسلیم دەبن. کرێکاران لەم ڕۆژەدا بڕیاری ڕاوەستانی بەرهەمهێنان دەدەن. لەم ڕۆژەدا دونیا بۆ ماوەیەک خامۆش دەبێت. بۆ هەموان دەردەکەوێت کە چ هێزیکە و ئەوانە کێن کە شارستانیەتی ئەمرۆ دەخولقێنن. هیچ کەس ناتوانێت حاشا لەم راستیە بکات کە ئەوە کرێکارانن ئەم دونیایە بە پێوە ڕادەگرن.

هەرچەندە لەئێستادا بەرهەم و کارو توانای ئینسان بەشیوەیەکی بێوێنە لەچاو رابردودا چوەتەسەر. ڕۆژ بە ڕۆژ داهێنانی تازە دێتە ئاراوە، بەڵام هێشتا هەژاری و برسێتی و بێ ئیشی و نەخۆشی باڵی بە سەر خەڵکی دونیادا کێشاوە. بە ملیۆنەها ئینسان لە برساندا دەناڵێنن، ملیۆنەها منداڵ دەمرن بەهۆی ئەوەی کە دایکو باوکیان ناتوانن بژێوییان دابین بکەن. ملیۆنەها ژن ناچار دەکرێن وەکو کۆیلەی سێکس ببنە سەرچاوەی داهاتی کۆمپانیاکانی لەشفرۆشی. بە ملیۆنەها مرۆڤ دەمرن بەهۆی هەندێ نەخۆشیەوە کە بە ئیمکاناتێکی کەم چارەسەردەکرێت. کەم نین ئەوانەی بەهۆی شەڕی دینی و تایفی و نەتەوەییەوە دەکوژرێن و ئاوارە دەبن و شارو گوندەکانیان وێران دەکرێن. هەرئێستا دەبینین کە دەوڵەتانی بۆرژوازی و نەتەوەپەرست، پێشبڕکێی نێوان "ئەمەریکا و ڕوسیا" لەپێناو دووبارە دابەشکردنەوەی دونیا بەپێی بەرژەوەندیەکانی خۆیان، چ کارەساتێکیان بەسەر خەڵکی هەژاری ئۆکرانیاو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هێناوە. بەدەیان هەزار کەس کوژراوەو ملیۆنەها مرۆڤ ئاوارە کراون. شارو گوندەکانیان کاولکراون.. ئەمانە هەموویان نیشانەی ئەوەن کە بۆرژوازی و دەوڵەتەکانی، نەک هەر فرسەتی ژیان و ئاسایشیان لە دانیشتوانی سەر گۆی زەوی سەندۆتەوە، بەڵکو ئایندەی مرۆڤایەتیشیان لەسەر لێواری کارەسات و تیاچوون راگرتوە. ئەم جیهانەیان بۆ چینی کریکاران و هەژاران کردوە بە دۆزەخ .

جەنگی ئۆکرانیا کە بەشێکە لە کێبڕکێی نێوان " ناتۆ و ڕوسی"، هەلێکی زیاتری داوەتە دەست وڵاتە ئیمپریالیستەکان تا بەڵای زیاتر بەسەر مرۆڤایەتیدا بهێنن. ئەم جەنگە کۆنەپەرستە سەرەڕای کوشتارێکی زۆرو ئاوارەبوونی خەڵکی مەدەنی لە ئۆکرانیا، بوەتە هۆی بوژاندنەوەی دەستەوتاقمی نازی و فاشی لە جیهاندا بەگشتی و ئەوروپا بەتایبەتی. ئەم جەنگە سەرەڕای ئەوەی بووتە هۆی سەرهەڵدانی ڕەگەزپەرستی و جیاکاری و میلیتاریزم و زیادکردنی بودجەی سەربازی، بوەتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک و سوتەمەنی و کارەبا و هەمو پێداویستیەکانی ڕۆژانەی مرۆڤ. بووەتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی بێکاری و هێرش کردن بۆ سەر مافە سەرەتاییەکانی کرێکاران.

ئەم بارودۆخە خراپە لە ئاسمانەوە نەباریوە بۆکرێکاران و هەژاران، بەڵکو سەرچاوەکەی نیزامی سەرمایەداریە. سەرمایەداران لەپێناو کەڵەکەبونی سەرمایەکانیان ئەم هەموو کارەساتە بەسەر ئینساندا دێنن. لە ڕاستیدا ئەم دونیایە کە تیایدا دەژین، دونیایەکی پێچەوانەیە. بەچاوی خۆمان دەبینین ئەوانەی کە رەنج دەکیشن و بەرهەم دەهێنن خاوەنی هیچ نین، بەلام کۆمەڵێک گەندەڵخۆری تەمەڵ، خاوەنی هەموو شتێکن و دەوڵەت و حکومەتیشیان دروست کردوە تا سەرو ماڵیان بپارێزن.

لەکاتیکدا کە هێزی ئەسڵی بزوێنەری کۆمەڵگە لە دەستی پرۆلیتاریا و چینی کرێکاردایە، هەربۆیە ئەبێ دەسەڵاتی سیاسیش لە دەستی ئەواندا بێت. ئەمەش تەنها و تەنها بە یەکگرتوویی نێونەتەوەیی چینی کرێکار مەیسەر ئەبێت. پرۆلیتاریا پێویستە لە ئاستی نێونەتەوەیی و وڵاتیشدا یەکگرتوو بێت. ئەو هەلومەرجە کارەساتبارەی ئێستا جیهانی پیادا تێدەپەڕێت، تەنها بە چینی کرێکار کۆتایی پێدەهێنرێت. نە کرێکارانی ڕوسیا و نە کرێکارانی ئۆکرانی هیچ بەرژەوەندیەکیان لەم جەنگەدا نییە و ئەوان بەشێکن لە چینی نێونەتەوەییمان. چینی کرێکاری کوردستانش بەشێکە لەو خەباتە نێونەتەوەییەی کە تێئەکۆشێ بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگ و ئەو میحنەتەی کە جیهانی گرتۆتەوە، تەنها کرێکارانن کە دەتوانن ژیانێکی باشتر بۆ مرۆڤایەتی بەدیبهێنن، ئەویش تەنهاو تەنها بەیەکگرتوی خۆیان و کۆبونەوەیان لە دەوری حزبە کۆمۆنیستەکان دەبێت. بەوشێوەیە دەتوانن کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەم زەلکاوە دەرکێشن و دونیایەکی باشتر بۆ مرۆڤایەتی فەراهەم بکەن!

٢٠ نیسانی ٢٠٢٣

# ئایار، بانگەوازێک بۆ ڕزگارییەکی سۆسیالیستی!

## ئیبراهیم حسین

مێژووی هەموو کۆمەڵگەکانی تائێستا مێژووی خەبات و ململانێی چینایەتیە. خەبات و کێشمەکێش و ململانێیەک کە تاوێک ئاشکراو تاوێک بەنهێنی بەڵام بەردەوام و بێپسانەوە لە ئارادایە و مۆتۆڕی مێژوو و هۆکاری هەر ئاڵوگۆڕێکە لەمێژوودا. ئەنگڵس لە پێشەکی بۆ چاپی ئینگلیزی مانیفێست ساڵی ١٨٨٨ دا دەنوسێ هەرچەندە مانیفێست کاری من و مارکسە، بە ئەرکی خۆمی دەزانم رابگەیەنم کە ئەم حوکمە بنەڕەتیەی کە ئەم کتێبەی لەسەر بەندە هی مارکسە. ئەم حوکمەش ئەوەیە کە شێوەی زاڵی بەرهەمهێنان و گۆڕینەوە(ئالۆێر) ی ئابوری و پێکهاتەی کۆمەڵگە کە ئاکامی ناچاری ئەم بەرهەمهێنانەن، لە هەر سەردەمێکی مێژوودا، بناغەی مێژووی سیاسی و فیکری ئەو سەردەمە پێکدێنێ و چۆنیەتی ئەم مێژووە تەنیا بەسەرنجدان لەو بنیادە سەرەکیە دەکرێ ڕوون بکرێتەوە و سەرەنجام تەواوی مێژووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، مێژووی ئەم خەباتە چینایەتیە، خەبات و کێشمەکێشی چەنەچەوساوە وچەوسێنەرەکان، چینەدەسەڵاتدار و ژێردەستەکان بووە و مێژووی ئەم خەبات و ململانێ چینایەتیە لەڕەوتی گەشەی خۆیدا ئێستا گەیشتۆتە قۆناغێک کە چینی چەساوە واتە پرۆلیتاریا ناتوانێ لە زنجیری چینی چەوسێنەر واتە بۆرژوازی ڕزگاری بێت بەبێ ئەوەی هەموو کۆمەڵگە بۆ هەمیشە لە چەوسانەوە، لە ستەم و دابەشبوونی چینایەتی و خەباتی چینایەتی ڕزگار نەکات.)

ئەمە قسەی مارکس و ئەنگڵس و مانیفێستە لە نزیکەی سەدو پەنجا ساڵ پێش ئێستا کە هێشتا سەرمایە و سەرمایەداری لەسەرەتای ڕێگەی خۆیدابوو، هێشتا پیشەسازی گەورە نەیتوانیبوو ئەو موعجیزانەی ئەمڕۆ لەتوانای بەرهەمهێنەری کاری کۆمەڵایەتیدا پێکیهێناوە، بخولقێنێ. هێشتا پرۆلیتاریا، چینی کرێکاری کرێگرتە کە خۆی ڕسکاوی هەناوی ئەم پیشەسازیە گەورەیەیە، تازە و گەنج بوو. هێشتا بۆرژوازی دەیتوانی بڵێ مرۆڤ لە قەیدوبەندەکانی ئەرباب - ڕەعیەتی نەجات دەدا و دەتوانێ ژیان لیبرالیزە بکا و مەدەنیەت گەشە پێبدا و هەرکەس لەبەرامبەر یاسادا یەکسانە، چەوسێنەر و چەوساوە هەردوکیان لە بەرامبەر یاسادا و لە یاسادا یەکسانن و ئەمە مانای ئازادیە. نەک هەر ئەوە بەڵکو بەشێک لە چینی دارا دەیتوانی بڵێ سۆسیالیستە و کۆمەڵگەیەکی دەوێ کە هەرچەند چینایەتی بێت، هەرچەند لەسەر چەوسانەوەی هێزی کار ڕاوەستابێ، بەڵام بەویژدانتر بێت و عەدالەتێکی زۆرتری تێدابێت لە دابەشکردنی سەروەتدا بۆ چینی کرێکار و چینەنەدارەکان بەجۆرێک ئەگەر نەخۆشکەوتن جۆرە بیمەیەکیان هەبێ. ئەگەر بێکار کەوتن لە برسا نەمرن و دەیتوانی بڵێ ئەمە یانی عەدالەت و ئەمە یەعنی ئازادی.

بەڵام ئازادی و ڕزگاری مرۆڤ دوای سەدوپەنجا ساڵ زیاتر لەهەمان جێگەدایە کە مانیفێست دەستی پێکرد. تەواوی هەلومەرجی ئەمڕۆ تەنیا گەواهی ئەوە دەدەن کەنەک هەر ئازادی و خۆشبەختی مرۆڤ، بەڵکو هەر پێشڕەویەکی زۆرتری ئازادی و مەدەنیەتی مرۆڤ، بەبێ ڕزگاربوون لەو شێوە چەوساندنەوەیەی ئەمڕۆ، لە کاری کرێگرتەو لەو پەیوەندە چینایەتیانە و لەشێوەی چینایەتی ژیان، خەیاڵە. گەواهی ئەوە دەدەن کە هیچ ڕزگاریەک جگە لە ڕزگاریەکی سۆسیالسیتی و بنەڕەتی لەو پەیوەندیانە، مانای نیە. بەبێ لە ئاسۆدابوونی ڕزگاریەکی سۆسیالیستی، نەک ژیان و ئازادی و توانستی مرۆڤ بۆ ئەزمونکردنی ژیانێکی خۆشبەخت لە جەنگی هەموو ڕۆژەی چینایەتیدا، لەو کێشمەکێش و ململانێ بێئەمان و بێووەستانە بەهەدەردەچێ، بەڵکو تەنیا دەبێتە قوربانیەکی بێدەسەڵات و پەرپوتی ئەم سیستەم و شێوە ژیانە و ئەم پەیوەندە چینایەتیانە. دەبێتە قوربانی ڕاکەراکی هەموو تەمەن لەپێناو بەرگرتن لە دابەزینی کرێ و لە باشترین حاڵەتدا بەرزکردنەوەی چەند سەنتێک لەکرێ، دەبێتە دڵەڕاوکێ بۆئەوەی بێکار وبێسەرپەنا نەبێ، بۆئەوەی بەر بە جەنگێکی خوێناوی ئەوان بگرێ، بۆئەوەی ڕێ لە فاشیستەکەیان بگرێ و یەکێکی کەمێک نەرمتر بخاتە جێگەی، بۆئەوەی ئەوەندە سەرکزو داماوت نەکەن. بە کورتیەکەی دەبێتە فیدای هەمان ئەو دەستوپێکوتانە و ئەو خەباتە چینایەتیە هەر ڕۆژەیە لەسەر هەموو شتێک.

ئیتر سەرمایە و پەیوەندیەکانی کاری کرێگرتە گەیشتونەتە جێگایەک کە وایکردوە تەواوی ئەو دەریای سەروەت و ئەو موعجیزانەی کە لە توانای بەرهەمهێنەری کاری مرۆڤدا ڕویداوە بەپێچەوانەی خۆی هەڵگەڕێتەوە. لەجیاتی ئەوەی ببێتە مایەی گەشەپێدانی خەڵاقیەتی ماددی و مەعنەوی مرۆڤ، گۆڕیونی بەهێزی وێرانکەر. لەجیاتی

ئەوەی ببنە هۆی فراوانبوونی ڕووبەری کاتی ئازادی مرۆڤ بۆ ئەزمونکردنی ژیان بە هەموو جۆراوجۆری خۆیەوە و ژیانی ئازادی خۆی گەشە پێبدا و مرۆڤ لە ئیجباری کار لە پێناو مانەوەدا ڕزگار بکا، خۆیان گۆڕاون بە هێزێکی نامۆ و زاڵ بەسەر مرۆڤ خۆیەوە. بوونەتە هۆی بێ ئیختیاری و بێدەسەڵاتی مرۆڤ لە بڕیاردان لەسەر چارەنوسی ژیانی خۆی. هەرچەندە ئەمە تایبەتمەندی و خەسڵەتێکی زاتی و جەوهەری سەرمایەو سیستەمی کاری کرێگرتەیە، هەر لە ڕۆژی لە دایک بوون و سەرهەڵدانیەوە، بەڵام هەرگیز وەک ئێستا واقیعی و بەرهەست نەبووە. ئێستا ئەمە گەیشتۆتە چڵەپۆپەی خۆی.

ئەگەر هێشتا لە دڵی ئەم سەروەت و سەرباری ئەوتوانا سەرسوڕهێنەرەی بەرهەمهێنەرەی کاری کۆمەڵایەتی، مرۆڤ هێشتا ئازاد ناژی، هێشتا ناچارە ژیان و تەمەن و ئازادی خۆی لەپێناو مانەوەدا فیدا بکا، ڕیشەی لە مەنتیقی ئەم پەیوەندیەدایە، ڕیشەی لە سیستەمی کاری کرێگرتەدایە. ئەگەر سیستەمی کاری کرێگرتە نەبایە، ئەگەر مرۆڤ لەم پەیوەندیانەدا نەژیابا و ئازادبا و چارەنوسی کۆمەڵگە و ئەم توانا و هێزە بەرهەمهێنەرە مەزنە لەدەستی بەرهەمهێنەرانی ڕاستەوخۆدا بوایە، بێکاری مانایەکی نەدەبوو، کارکردن دستوپێکوتانێکی ناچاری نەدەبوو لەپێناو مانەوەدا، بەڵکو دەگۆڕا بە هەڵسوڕانێکی داهێنەرانەی مرۆڤی ئازاد. سەرکزی فەرهەنگی و مەعنەوی مانایەکی نەدەبوو، بەڵام ئەمە لەگەڵ مەنتیقی سەرمایە و سود و چەوسانەوە و کۆمەڵگەی چینایەتی لە ناکۆکیدایە.

جیهانێک کە بناغەکەی لەسەر چەوسانەوە، لەسەر هێزی کار فرۆشی و کاری کرێگرتە، لەسەر قازانج و سود و داماڵینی زۆرینە لە هۆکانی پیادەکردنی ئازادی و خۆشبەختی ڕاوەستاوە، ناتوانێ ئازاد بێت. ئەم دنیایە بەناچار پێویستی بە دەوڵەتە، پێویستی بە دیکتاتۆریەتە، پێویستی بە سەرکوت و زیندانە. پێویستی بە جەنگ و وێرانیە، پیویستی بە دین و خورافە و بەنجی ئایدیۆلۆژیایە، پێویستی بە سەرکزی فەرهەنگی و مەعنەوی هەیە. بەو پێیە ئەوە دیکتاتۆرەکان و زیندانەکان و خەسڵەتی شەڕەنگێزی و ئەخلاقیات و نیەتی کەسەکان نیە کە چەوساندنەوەیان خوڵقاندوە، بەڵکو ئەوە ئەو شێوە دیاریکراوەی چەوسانەوە و ئەو پەیوەندانەن کە چینەکان و بەرژەوەندی چینایەتی و کێشمەکێش و ململانێی چینایەتی دەخوڵقێنێ و زیندانەکان، سوپاکان و دادگاکان و یاساکان و بە کورتی دەوڵەت وەک دیکتاتۆریەتی چینایەتی، پێویست دەکا.

لێرەوە ئەگەر مەنتیقی پشتی ئەم ئازادنەژیان و خۆشبەخت نەژیانەی ئەمڕۆ ئەم پەیوەندیانە و ئەم شێوەیەی چەوسانەوە بێت، ئەوا ڕزگاری واقیعی لەمڕۆدا تەنیا دەتوانێ بە مانای هەڵوەشندنەوەی ئەم پەیوەندیانە و ئەم شێوەیەی چەوسانەوە بێت. ئەمە ناوەڕۆکی واقیعی ڕزگاریە لەمڕۆدا و بەم مانایەش ئەمە تەنهاشێوەی ڕزگاری واقیعیە، ڕزگاریەکی سۆسیالیستی.

بەڵام ئەم ڕزگاریە کاری هەرکەس و هەر چینێکی کۆمەڵایەتی و هەر بزوتنەوەیەک نیە، کاری چینی کرێکار و سۆسیالیزمی پڕۆلیتاریە. کاری چینێکە کە بۆ ڕزگاری خۆی دەبێ ئەو پەیوەندە چینایەتیانە هەڵبوەشێنیتەوە کە سەرچاوەی دابەشبوونی کۆمەڵگەیە بە چینەکان و دابەشبوونی چینایەتی. ئەگەر هێشتا سەرباری ئەم توانا ئەفسانەییە بەرهەمهێنەرەی کاری کۆمەڵایەتیەی ئەمڕۆ و پڕۆلیتاریەکی چەند ملیاردی کە شارەگی بەرهەمهێنانی سەروەت و ئیمکاناتە و سەرباری پەرپوتی کۆمەڵگەی چینایەتی ئەمڕۆ، هێشتا مرۆڤ ئازاد نیە و هێشتا ژیان بریتیە لە درێژەپێدان و ڕاکێشانی ئەوەی کە هەیە، تەنیا بەهۆی لاوازی و لە ئاسۆدانەبوونی هەمان ئاسۆی ڕزگاری سۆسیالیستیە کە سەدو پەنجا ساڵ و زیاتریش، مانیفێستی کۆمۆنیست گوزارشتی لێکرد. بۆیە ئەم ئاسۆیە لەهەر کات زیاتر لە مێژووی خەباتی چینایەتیدا بابەتی سەرەکی جەدەلی چینایەتیە لەپێناو ڕزگاری، لەهەرکات زیاتر ئەمڕۆیی و زیندووە.

☆

**بەهرەمەندبوونی کرێکارانی کوردستان لە یاساکارێکی پێشڕەو و هاوچەرخ مەسەلەیەکی دەستبەجێی و هەنووکەییە بۆ پاراستنی ژیان و کەسایەتی و دابینکردنی مافەکانی کرێکاران!**

**کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێویستی بە ڕابوونی چینی کرێکارە، پێویستی بەوەیە کە خۆی و مرۆڤایەتی لەم جەنگەڵستانەی بۆرژوازی رزگار بکەن. لە مەترسی جەنگ و سەپاندنی هەژاری و برسێتی بێمافی و ملهوڕی و زاڵبوونی کۆنەپەرستی هەوسارپچراوی بۆرژوازی و ئیمریالیستەکان رزگاربکەن.**

# کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێویستی بە ڕاپوونی چینی کرێکارە!

## بەیاننامەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان بەبۆنەی یەکی ئایار، ڕۆژی جیهانی کرێکارانەوە

**هاورێیانی کرێکار!**

بۆرژوازی و دەوڵەتەکانیان، کە لەناو قەیرانێکی سیاسی، ئابوری و کۆمەڵایەتیدا دەست وپێدەکوتن، سەرجەم ڕەوت و بزوتنەوە و بیرمەندو سیاسەتمەدارو دەوڵەتمەدارەکانیان لە وەڵامدانەوە و خۆدەربازکردن لەو قەیرانەی تێیدا چەقیون نەک هەر بێچارە و دەستەوەستان ماون، بگرە جڵەوی کۆنەپەرستترین و ڕاسترەوترین بزوتنەوەی خۆی بەرەڵاکردوەو بەریانداوەتە گیانی کۆمەڵگا تا هێرشێکی بەرفراوان بۆسەر ژیان و گوزەرانی ئێمەو سەرجەم جەماوەری زەحمەتکیش بەرێبخەن، لەم ڕێگایەشەوە هەرچی زیاترە باری قەیرانەکەیان بدەنەوە بەسەر شانی ئێمەداو لەهێزی کارو ڕەنجی ئێمە قازانجی زۆررو زەبەند کەڵەکە بکەن. تەنانەت هەربەمەشەوە نەوەستاون و لەڕێگای بەرێخستنی جەنگێکی ماوڵوێرانکەر لە ئۆکرانیاو چەندین ناوچەی تری جیهان، فەزایەکی میلیتارستی و جەنگییان لەئاستی جیهانیدا، داسەپاندوەو بەمەشیان هەڕەشە لەسەر مانەوەی فیزیکی سەدان ملیۆن مرۆڤ دەکەن و بونەتە مەترسی بۆسەر ئایندەی مرۆڤایەتی. سەرمایەداری و دەوڵەتانی ئیمپریالیستی، بەئاشکرا ئەوەیان ڕاگەیاندوە کە ئەگەر دنیا بۆئەوان ناوچەیەکی سوودو قازانج و کەڵەکەی سەرمایەکانیان نەبێ، ئامادەن گۆی زەوی بە کاولکاری و وێرانکردن و لەناوبردن گیرۆدە بکەن.

ئەمڕۆ کرێکارانی جیهان لەدۆخێکدا یەکی ئایار بەرز ڕادەگرن کە سەرمایەداری دەوڵەتەکانیان لە ئەوروپاوە تا ئەمریکاو تا ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەبیانوی جەنگەوە، سەرباری زاڵکردنی کەشوهەوای جەنگی و بڵاوکردنەوەی ترس و نائارامی و تێکدانی ئاسایشی خەڵکی دنیا، دەستیان بردوە بۆ هێرشێکی فراوان بۆسەر ئاستی ژیان و گوزەرانی کرێکاران و خەڵکی هەژارو کەمدەرامەت، هەر لە هەوڵدانیان بۆ هەڵوەشاندنەوەی بیمە کۆمەلایەتیەکان و لێسەندنەوەی هەموو ئەو دەستکەوتانەی کە بەخەباتی چەندین دەیەی کرێکاران و زەحمەتکێشان بەدەستهاتووە، دەستیانبردوە بۆ سیاسەتی سکهەڵگوشین و باجگیری و داسەپاندنی گرانیەکی لەرادەبەدەر بەسەر کۆمەڵگادا. هەر لە گرانکردنی نرخی خۆراک و سوتەمەنی و بەرتەسککردنەوەی خزمەتگوزاریە گشتیەکانی وەک تەندروستی و فێرکردن تا لەسەرکار دەرکردن و پەرەدان بەبێکاری وسەپاندنی هەلومەرجی سەختی کار و سەندنەوەی مافەکانی کرێکاران و هێرشکردنە سەر ڕێکخراوەکانیان وە بەیاساکردنی تەنگەبەرکردنەوەی مافی خۆپیشاندان و مانگرتن لە وولاتانی پێشکەوتوودا کە بانگەشە بۆ ئازادی وديموکراسی دەکەن. لەوەها دۆخێکدا ئەوە چینی بۆرژوازی و دەولەتەکانیەتی کە لەجەرگەی ململانێی نیوان خۆیاندا لەسەر دابەشکردنەوەی بازاری کارو کاڵادا، نەک هەر خەریکن مرۆڤایەتی بۆناو شەڕ و کاولکاری ڕادەکێشن، بەڵکو هاوکات شەڕێکی سەروماڵیشیان لەگەڵ چینی کرێکارو جەماوەری مەحرومی دنیادا ڕاگەیاندوە. نەبەردەکانی ئەم جەنگە چینایەتیە هەرئێستا لەسەر شەقامەکانی شارە گەورەکانی فەرەنساو بەریتانیا و ئەڵمانیاو چەندین وڵاتی تر، لەلایەن چینی کرێکارو جەماوەری مەحرومەوە دەستپێکردوە.

چینی بۆروازی کورد و حزبەکانی، کە لەسایەی حکومەتە میلیشیایی و مافیاییەکەیانەوە و بەپشتیوانی ئەمریکاو دەوڵەتانی ناوچەکە، بۆماوەی چەند دەیەیە دەسەڵاتیان بەسەر کۆمەلگادا داسەپاندووە، لەگەڵ ئەوەدا کە هەلومەرجێکی یەکجار سەختی کارو ژیانیان ڕووبەڕوی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش کردۆتەوە، هاوکات کۆمەڵگای کوردستانیان لە گێژوایێکی سیاسی و پڕ لە کێشەدا ڕاگرتووە. تەنانەت بەشێک لەو مافانەی کە کرێکارانی وولاتان لێی بەهرەمەندن، لە کرێکاری کوردستان زەوت کراون و وەکو یاساغ لەلایەن حکومەت و خاوەنکارو کۆمپانیاکانەوە چاویان لێدەکرێ. هەژاری و بێکاری لەڕادەبەدەر، کرێی کەم و بڕین لە کرێ و نەدانی هەقدەست و مووچە بۆماوەی چەندین مانگ، نەبوونی بیمە کۆمەڵایەتیەکان و هیچ هاوکاریەکی دەوڵەتی بۆ گەنجانی بێکار و کرێنشینان، نەمانی خزمەتگوزاریە گشتیەکان و سپاردنی پیداویستیە سەرەتاییەکانی ڕۆژانەی خەڵک، لەوانە گازو سوتەمەنی و دەرمان و چارەسەری پزیشکی و نەبوونی کارەباو ئاوی خواردنەوەو ڕێگاوبانی سەلامەت و دەیان پێداویستی تر، کۆمەڵگای کوردستنیان بەرەو هەژاری و نەبونی و برسێتیەکی فراوان ڕاپێچکردوە. کاتێکیش خەڵکی نارازی داوای مافی بەرهەقی خۆیان بکەن، لەگەڵ سەرکوت ⇦

و تەقەی هێزی چەکداری حکومەت وحزبە دەسەلاتدارەکان ڕووبەڕوودەبنەوە... ئەمانە هەموویان گۆشەو لایەنەکانی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کرێکارو زەحمەتکێشی کوردستانن.

بەلام چینی کرێکارو جەماوەری زەحمەتکێش، سەرباری ئەو هەموو ڕێگری و فشارو سەرکوتەی بۆرژوازی و دەسەلاتەکەیان، بۆ بەرگری لە ژیان و گوزەران و ئایندەی خۆیان و بۆ ماف و ئازادیەکانی خۆیان ڕانەوەستاون و بەشێوازی جۆراوجۆر یەخەی دەسەلات و خاوەنکار و کۆمپانیاکانیان گرتوە. کۆبونەوەی گشتی و مانگرتن و خۆپیشاندانیان بەرێخستووەو ناڕەزایەتیان دەربڕیوە. لەو پیناوەشدا قوربانیان داوە، نانبڕاوکراون، تەقەیان لێکراوە و بریندارکراون ...چینی کرێکاری کوردستان هەنگاو بەهەنگاو خەریکە جێگای شایستەی خۆی لە جەنگی چینایەتی لە کوردستاندا پەیدا دەکات.

جموجوڵە کرێکاریەکان، هەنگاوێکی سەرەتای دەستپێکردنی ئەم جەنگە چینایەتیەن، کە ساڵانێکی زۆر بەهۆی پرسی نەتەوایەتی و پروپاگەندەی ناسیونالسیتی و نەتەوەچیتی و سیاسەتی بۆرژوا ناسیۆنالیستی کوردەوە هێزو توانای ئەم چینەی سسست کردبوو.

کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پێویستی بە ڕابوونی چینی کرێکارە، پێویستی بەوەیە کە خۆی و مرۆڤایەتی لەم جەنگەڵستانەی بۆرژوازی ڕزگار بکەن. لە مەترسی جەنگ و سەپاندنی هەژاری و برسێتی بێمافی و ملهوڕی و زاڵبوونی کۆنەپەرستی هەوساربچڕاوی بۆرژوازی و ئیمریالیستەکان ڕزگاربکەن.

کۆمەڵگای کوردستانیش پێویستی بە جموجوڵ و هاتنەمەیدانی چینی کرێکار هەیە. کرێکارانی کوردستان، دەبێ هەم بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خۆیان و بەهرەمەندبوون لە مافە سەرەتایی و خزمەتگوزاریە گشتیەکان و هەم بۆ ڕزگارکردنی خەڵکی کوردستان لەم دۆخە سەختە ئابوری و سیاسی و نائەمنیە و لەو گێژاوەی کە حزبە میلیشیاییە دەسەلاتدارەکان بۆیان هەڵخستوون، پێویستی بە هاتنەمەیدان و نواندنی هێزی ڕێکخراوی هوشیارانە و یەکگرتووی چینایەتی خۆیان هەیە. پێویستی بەوەیە کە وەکو هێزێکی سیاسی کاریگەر لە گۆڕەپانی سیاسی و خەباتی گشتی جەماوەریدا دەربکەوێ و دەوری ڕابەری و پێشڕەوانەی خۆی بۆ نەجاتدانی کۆمەڵگای کوردستان لەو میحنەتەی تێیکەوتوە بگێڕێ. کەوایە با ئایاری ئەمساڵ سەرەتای هەنگاونان بێت بەرەو ئەم ئامانجە.

**بژی یەکی ئایار، ڕەمزی خەبات لەپێناو ئازادی و یەکسانیدا**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان**

**نیسانی ٢٠٢٣**

---

# خاڵێکی هاوسەنگیی نوێی ئیسلامی لە ئێراندا مومکین نییە!

## مەنسور حیکمەت

**تێبینی: ئەم قسانەی مەنسور حیکمەت ٢٣ ساڵ لەچوارچێوەی مەوبەرکراون. بەڵام ئەو لێکدانەوەیەی کە بۆ دۆخی ئەوکاتی ڕژێمی ئیسلامی ئێران کردویەتی، ئێستا بەبەرچاومانەوە ڕوودەدەن و ڕاستودروستی خۆیان لە پراتیکی خەڵکدا دەسەلەمێنێ!**

ئەوەی لە ئێران ڕوویدا ئەوەیە کە پڕۆسەیەکی ناڕەزایەتی سیاسی جەماوەری دەستی پێکردووە کە ناڕازیبوونی خەڵک دەردەخات؛ بەڕای من هەموو توخم و پێکهاتە جیاوازەکانی ئابووری و سیاسەت و ئایدۆلۆژیا لەژێر ئەم ناڕەزایەتییە سیاسییەدا دەبینرێن. ئابوری ئێران ئەوەندە بەرهەم ناهێنێت کە خەڵک چاوەڕێ دەکات دەستی بکەوێت و خەرجی بکات. قەیرانێکی ئابووری لەئارادایە و ڕێکخراوی ئابووریش لە پشێویدایە. لەڕووی سیاسییەوە سەرکوت زاڵە، خەڵک سەرکوتیان ناوێت. لەڕوانگەی ئایدیۆلۆژییەوە حکومەتی ئایینی حوکمڕانی دەکات، خەڵک حکومەتێکی ئایینی ناوێت. هەموو ئەم توخمانە لە ناڕەزایەتی خەڵکدا ئامادەن، چ لە دۆخی ئابووری، چ لە سەرکوتی سیاسی، چ لە دۆخی ئایدیۆلۆژیی حکومەتدا. ئەگەر ئەم دووانەی ئەخیر واتە سەرکوتی سیاسی و دۆخی ئایدیۆلۆژی نەبووایە و تەنها دۆخی ئابووری خراپ بووایە، خە لک دەچوون دەنگیان بە پارتێکی چەپ دەدا بۆ جێبەجێکردنی پلانە ئابوورییەکەی. یان ئەگەر کێشەکە تەنها ئایدۆلۆژیا بووایە و ئابوری گەشەی بکردایە، ڕەنگە خەڵک زۆر ناڕەزایەتیان دەرنەبڕیایە، دانیان بەجەرگی خۆیاندا بنایە، چونکە قۆناغی خۆشگوزەرانی ئابووری زاڵە. یان ئابووری باش بووایە، دۆخی سیاسی و ئایدیۆلۆژی خراپ بووایە، ئابووری لەژێر دەسەلاتێکی ئایدیۆلۆژیی سەرکوتگەردا کاری خۆی دەکرد، ڕەنگە وەک ساڵانی سەردەمی پینۆشە، خەڵک وردەوردە سیستەمێکیان لیبرالیزە دەکرد کە نایانەوێت زۆر دەست لە ئابووریەکەی بدەن .

بەلام ئەو پرۆسەیەی ئێمە دەیبینین ئەم تایبەتمەندیانەی نییە، بەڵکو تایبەتمەندیەکانی بریتیە لە ناڕەزایەتی ئابووری، ناڕەزایەتی سیاسی و ناڕەزایەتی ئایدیۆلۆژی و هەموویان پێکەوە دەبینین.

# سەرەتای مانگرتنە سەرتاسەری و ڕێکخراوەکانی چینی کرێکار لە ئێران!

## بەیاننامەی حزبی حیکمەتیست(خەتی ڕەسمی)

لە سەروبەندی یەکی ئایاردا، ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار، روبەروی زنجیرەیەک لە مانگرتنی فراوان و سەرتاسەری لە ئێران دەبینەوە، بە تایبەت لە ناوەندە سەرەکییەکاندا لە دەوری "پرسی حەقدەستەکان". کرێکارانی پیشەسازیی نەوت و پترۆکیمیایی ئەمڕۆ٢٢ی نیسان لە چالاکییەکی هاوئاهەنگ و ڕێکخراودا دەستیان داوەتە مانگرتن؛ لە نمایشێکی جەماوەریدا کرێکارانی پاڵاوگەی ئابادان کەرەستەکانی کاریان ڕادەست کردەوە و کاریان لە پاڵاوگەکەدا راگرت و داوای زیادکردنی حەقدەستەکانیان بە ڕێژەی ٧٩٪ کرد. لە گەچساران، کرێکاران کۆمپانیاکەیان چۆڵ کردووە و دەستیان بە مانگرتن کردووە؛ کرێکارانی عەسلەویە و پیترۆکیمیاوی ئاپادانا بەرهەمهێنانیان ڕاگرتووە و مانیان گرتووە و داوای زیادکردنی حەقدەستەکانیان بە ڕێژەی ٧٩% دەکەن. بەپێی هەواڵەکان ، کرێکارانی کۆمپانیا و پڕۆژە کانی دیکە لە هەینیە وە تا ئە مڕۆ مانیانگرتووە ، لە وانە قۆناغی ١٤ی عەسلەویە ، قۆناغی دووە می پاڵاوگە ی ئابادان، کۆمپانیای پارس کیان، کرێکارانی گرێبەستی بەرهەمهێنەرانی هایدۆرای بۆییری و باغە ڕی، کرێکارانی پترۆکیمیایی دێهلران و کۆمپانیای ئای جی سی. لەهەمانکاتدا کرێکارانی یەزد ستیل، کرێکارانی کۆمپانیای پیشەسازی سایپا ئازەربایجان بۆ بەرهەمهێنانی پارچەی ئۆتۆمبێل، دوێنێ هەینی لە نارەزایەتی دژ بە زیادنەکردنی مووچە مانیان گرت و کاریان راگرت. ڕۆژی پێنجشەممە شۆفێرانی کۆمپانیای میحوەری زێڕینی بەندەر عەباس، لە کارێکی هاوئاهەنگدا بۆ خواستی بژێوی ژیان و دژی کەمی ئاستی کرێ دەرگای چوونە ژوورەوەی کۆمپانیاکەیان داخست و قوفڵیان لێدا. خانەنشینەکانی خوزستان لەپەیوەند بە ئاستی نزمی بژێوی ژیانیانەوە دەستیان داوەتە کردەیەکی یەکگرتوانە؛ شایانی باسە کە ماوەی زیاتر لە دوو هەفتەیە کرێکارانی کۆمپانیای قامیشی شەکری هەفت تەپە بە ڕاگەیاندنی کەمپینێکی سەرتاسەری و هاوئاهەنگ دژ بە پەسەندکردنی ئاستی مووچە لەلایەن ئەنجومەنی باڵای کارەوەو بانگەوازکردنی سەرجەم بەشەکانی دیکەی چینی کرێکاری ئێرانیان بۆ یەکگرتن و بەشداریکردنی هەموو کرێکاران لەم خەباتە سەرتاسەرییەدا، مانگرتنی فراوانی خۆیان دەستپێکردوە.

بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن کە چینی کرێکار لە ئێراندا خەریکە لە دەوری داواکارییە سەرەکییەکانی خۆی یەکدەست و یەکگرتوو بێت. فیکەی دەستپێکردنی ئەم یەکگرتوویی و یەکڕیزییە بەهێزە سەرتاسەرییە لە دەوری نارەزایەتی بە پەسەندکردنی حەقدەست و نزمیی ئاستی ژیان، لە لایەن کرێکارانی هۆشیاری هەفت تەپەوە لێدراوەو، ڕەنگدانەوەی لە مانگرتنەکانی ئەم دواییە لە نەوت و ناوەندە پیشەسازییەکانی ئێراندا نیشانی دا کە جگە لە بەرژەوەندیەکی سەرتاسەری و گشتگیر، هیچ بەرژەوەندیەکی دیکە ناتوانێ نوێنەرایەتی بەرژەوەندی کرێکاران بکات. ئەمە هەنگاوێکی گەورە یە لەچوونەسەری ئاستی هۆشیاری چینی کرێکاردا، لە یەکگرتوویی سەراسەری کرێکاراندا بەرامبەر دەستدرێژیی بۆرژوازی بۆ سەر ئاستی ژیانیان و زاڵبوون بەسەر دووبەرەکی و دابەشبوونێک کە حکومەت لەڕیزەکانی ئەم چینەدا دروستی کردوە. خەبات و مانگرتنی ڕێکخراو و سەرتاسەری بۆ بەرزکردنەوەی حەقدەست، بێگومان هەنگاوی یەکەمە لە دروستکردنی سوپایەکی چینایەتی بەهێز بۆ سەپاندنی خۆشگوزەرانی و بەختەوەری هەموو مرۆڤایەتی بەسەر دەزگای دەوڵەت و حوکمڕانی بۆرژوازیدا. یەکێتی سەراسەری لە دەوری پرسی حەقدەست، یەکگرتوویی لەسەر دابینکردنی خۆشگوزەرانی گشتیی کۆمەڵگا، ڕێکخراوبوون دژی هەژاری و بێکاری هیچ سنوورێک ناناسێت.

ئەمساڵ لە سەروبەندی ڕۆژی جیهانی چینی کرێکاردا پریشکی ئەم یەکێتییە سەرتاسەرییە گەشایەوە. کرێکاران لە هەفت تەپەوە تا نەوت و پترۆکیمیایی، لە یەزد ستیلەوە تا خانەنشینانی خوزستان و سایپە لە ئازەربایجان ڕایانگەیاندووە کە هیچ بەرژەوەندییەکی تریان نییە جگە لە بەرژەوەندییەکی سەراسەری و چینایەتی بەرامبەر هەموو بۆرژوازی و دەستە فەرمانڕەواکەی و بە وەلانانی هەموو شێوازەکانی دابەشبوون و پەرتبوون لە ڕیزەکانیاندا، لەوانە دابەشبوونی نەتەوەیی و ئایینی و سێکسی، یان دابەشکردنی کرێکاران بەسەر کرێکارانی خۆیی و بیانی، کرێکاری کەرتی تایبەت یان حکومی، ڕێگە بۆ دروستکردنی هاوپشتیەکی سەرتاسەری بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستدرێژیی حکومەت بۆسەر ئاستی خۆشگوزەرانی و بەختەوەری کۆمەڵگا، خۆش دەکەن.

بێگومان لە سەروبەندی ١ی ئایاری ئەمساڵدا، ڕووەکان لە کۆمەڵگای ئێراندا بەرەو چینی کرێکار، بەرەو ڕاچەنینی "سەرکردە سەرسەختەکەمان" وەرچەرخاوە. پێویستە ئەم یەکگرتوویی و ئەم هێزە کۆمەڵایەتییە تۆکمەتر بکرێت و پشت بەم کۆڵەکە سەراسەری و چینایەتییە ببەسترێت بۆسەرکەوتنی کۆتایی بەسەر دەسەڵاتدا.

بژی مانگرتنە سەرتاسەرییەکانی چینی کرێکار بۆ پرسی حەقدەست!
بژی یەکگرتوویی کرێکاری!
بژی ١ی ئایار، ڕۆژی جیهانی چینی کرێکار

**حزبی حیکمەتیست (خەتی ڕەسمی)**
**٢٢ی نیسانی ٢٠٢٣**